# جماليات الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي

**تاڤگه حسين كريم**
**قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
Tavgahussin283@gmail.com

**ب.د. بلقيس علي دوسكي**
**قسم السينما والمسرح، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
Balqees.dosky@gmail.com

**الكلمات المفتاحية:** الجمال، الموسيقى، المؤثرات الصوتية، العرض المسرحي، الإيقاع، السينوغرافيا.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم , تاڤگه حسين , بلقيس علي دوسكي , جماليات الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The Aesthetics of Music and Sound Effects in Theatrical Performance

**TAVGA HUSSEIN KAREEM**
**Department Cinema and theatre, college of fine Art, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Rrgion, Iraq.**
**Tavgahussin283@gmail.com**
**P.D. Balqis Ali Doski**
**Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**

**Keywords** : Aesthetics, Music, Sound Effects, Theatrical Performance, Rhythm, Scenography.

**How To Cite This Article**
KAREEM ,TAVGA HUSSEIN , Balqis Ali Doski ,The Aesthetics of Music and Sound Effects in Theatrical Performance ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
This research explores the role, importance, and aesthetics of music and sound effects in theatrical performance, considering them as fundamental and structural elements. Since the emergence of theatrical art in religious and folkloric ceremonies, music and sound effects have been its inseparable companions. The significance of these elements lies in the fact that they are not merely secondary additions or fillers for empty spaces; rather, they are structural components of the performance's scenography, collectively developing the intellectual and aesthetic discourse of the theatre. In a performance, music acts as a living character; it possesses the power to create a profound dramatic and psychological atmosphere, regulate the rhythm of scenes, and highlight

the internal emotional conflicts of characters that written dialogue often fails to express. They are not just supplements to fill gaps, but a hidden language that directly influences the audience's emotions and psyche. One of the most vital functions of music in theatre is preparing the audience for the psychological state the performance intends to convey. Through a somber or terrifying piece of music, the audience can be drawn into the depths of the story. Music can create anxiety, joy, tranquility, or tension within the hall that words alone cannot achieve. Furthermore, the genre of music can define historical eras; for instance, the use of classical music transports the audience to past centuries, while electronic music reflects the present or future. Similarly, sound effects play an essential role in defining the environment of the performance. The sounds of birds chirping and ocean waves transport the audience to nature, while the sounds of cars and city noise depict a modern and crowded environment. Sound effects are not used solely to mimic reality (such as a door closing or a telephone ringing), but can also serve as symbols. For example, the continuous ticking of a clock in the background may symbolize the approach of death or the passage of time, adding an intellectual dimension to the show. These elements serve as a bridge between the audience's mind and the actor's emotions. In contemporary theatre, the "sound designer" has become one of the essential pillars of the artistic staff.

**المُلخص:**

يتناول هذا البحث دور وأهمية وجماليات الموسيقى والمؤثرات الصوتية في العرض المسرحي، باعتبارها عنصراً أساسياً وبنيوياً في بناء العرض. فمنذ بدايات نشوء فن المسرح في المراسم الدينية والفلكلورية، كانت الموسيقى والمؤثرات الصوتية رفيقاً ملازماً لا ينفصل عنه. تكمن أهمية هذه العناصر في أنها لا تُعتبر مجرد ملحق ثانوي أو وسيلة لسد الفراغات، بل هي جزء بنيوي وجوهري في سينوغرافيا العرض، حيث تساهم بشكل فعال في تطوير الخطاب الفكري والجمالي للمسرح. تلعب الموسيقى في العرض دور الشخصية الحية؛ فلديها القدرة على خلق أجواء درامية ونفسية عميقة، وتنظيم إيقاع المشاهد، وتسليط الضوء على الصراعات العاطفية الداخلية للشخصيات التي غالباً ما يعجز الحوار المكتوب عن التعبير عنها. إنها ليست مجرد إضافات تكميلية، بل هي لغة خفية تؤثر بشكل مباشر على مشاعر ونفسية المتلقي. ومن أهم وظائف الموسيقى في المسرح هي تهيئة المشاهد للحالة النفسية التي يسعى العرض لإيصالها؛ فمن خلال مقطوعة موسيقية حزينة أو مرعبة، يمكن دمج المشاهد في أعماق القصة. تستطيع الموسيقى أن تخلق حالات من القلق، الفرح، الطمأنينة، أو التوتر داخل القاعة، وهو ما لا يمكن للكلمات وحدها تحقيقه. كما يساهم نوع الموسيقى في تحديد الحقبة التاريخية؛ فعلى سبيل المثال، ينقل استخدام الموسيقى الكلاسيكية المشاهد إلى القرون الماضية، بينما تعبر الموسيقى الإلكترونية عن العصر الحديث أو المستقبل. وبالمثل، تلعب المؤثرات الصوتية دوراً جوهرياً في تعريف بيئة العرض؛ فأصوات زقزقة العصافير وأمواج

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

البحر تنقل المشاهد إلى أجواء الطبيعة، في حين تصور أصوات السيارات وضجيج المدينة بيئة عصرية ومزدحمة. ولا تقتصر المؤثرات الصوتية على محاكاة الواقع فحسب (مثل صوت الباب أو الهاتف)، بل يمكن استخدامها كدلالات رمزية؛ فعلى سبيل المثال، قد يرمز الصوت المستمر لعقارب الساعة في خلفية المشاهد إلى اقتراب الموت أو انقضاء العمر، مما يضفي بعداً فكرياً على العرض. إن هذه العناصر تمثل جسراً يربط بين عقل المشاهد ومشاعر الممثل. وفي المسرح المعاصر، أصبح "مصمم الصوت" أحد الركائز الأساسية للطاقم الفني.

## ئیستاتیکای موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا

**تاڤگە حسین کریم**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Tavgahussin283@gmail.com
**پ.د. بلقیس علی دۆسکی**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Balqees.dosky@gmail.com

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵ و گرنگی و ئیستاتیکی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان دەکات لەنمایشی شانۆییدا، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی و بونیادی لە نمایشی شانۆییدا. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆ لە مەراسیمە ئایینی و فۆلکلۆرییەکاندا، هاوڕێیەکی دانەبڕاوی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بووە. گرنگی ئەم ڕەگەزانە لەوەدایە کە تەنها وەک پاشکۆیەکی لاوەکی یان پڕکەرەوەی بۆشایی نابینرێن، بەڵکو بەشێکی بونیادی و سەرەکین لە سینۆگرافیای نمایش، کە پێکەوە گوتاری فیکری و ئیستاتیکی شانۆ گەشە پێدەدەن. موزیک لە نمایشدا ڕۆڵی کارەکتەرێکی زیندوو دەبینێت، توانای هەیە کەشێکی درامی و سایکۆلۆژی قووڵ بخولقێنێت، ڕیتمی دیمەنەکان ڕێکبخات، و تیشک بخاتە سەر ململانێ سۆزدارییە ناوەکییەکانی کارەکتەرەکان کە زۆرجار دیالۆگی نووسراو ناتوانێت دەریانببڕێت. ئەوان تەنیا پاشکۆیەک نین بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ، بەڵکو زمانێکی شاراوەن کە ڕاستەوخۆ کار لەسەر هەست و دەروونی بینەر دەکەن. یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی موزیک لە شانۆدا، ئامادەکردنی بینەرە بۆ ئەو بارە دەروونییەی کە نمایشەکە دەیەوێت بیگەیەنێت. بە پارچە موزیکێکی خەمناک یان ترسناک دەتوانێت بینەر بخاتە ناو قووڵایی چیرۆکەکەوە. موزیک دەتوانێت دڵەڕاوکێ، شادی، ئارامی، یان گرژییەک لە هۆڵەکەدا دروست بکات کە وشە بە تەنیا ناتوانێت بێتە دی. هەروەها جۆری موزیکەکە دەتوانێت سەردەمە مێژووییەکان دیاری بکات، بۆ نموونە بەکارهێنانی موزیکی کلاسیک بینەر دەباتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو، وە موزیکی ئەلیکترۆنی گوزارشت لە سەردەمی ئێستا یان داهاتوو دەکات. بە هەمان شێوەش کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینن لە ناساندنی ژینگەی نمایشەکە. دەنگی جریوەی باڵندە و شەپۆلی دەریا، بینەر دەگوازێتەوە بۆ سروشت، لەکاتێکدا دەنگی ئۆتۆمبێل و ژاوەژاوی شار، ژینگەیەکی مۆدێرن و قەرەباڵغ وێنا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

دەکات. کارتێکەرە دەنگییەکان تەنیا بۆ لاساییکردنەوەی واقیع نین وەک: (دەنگی دەرگا یان تەلەفۆن)، بەڵکو دەکرێت وەک هێمایەک بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە، دەنگی بەردەوامی کاتژمێرێک لە پشتەوەی دیمەنەکان دەکرێت ئاماژە بێت بۆ نزیکبوونەوەی مەرگ یان تێپەڕبوونی تەمەن، کە ئەمەش ڕەهەندێکی فیکری بە نمایشەکە دەبەخشێت. ئەم ڕەگەزانە پردێکن لە نێوان ئەقڵی بینەر و هەستی ئەکتەردا. لە شانۆی هاوچەرخدا، "دیزاینەری دەنگ" بووەتە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ستافی هونەری.

**ووشە سەرەکییەکان :** جوانی، موزیک، کارتێکەرە دەنگییەکان، نمایشی شانۆیی، ڕیتم، سینۆگرافیا.

## ١.پێشەکی

هونەری شانۆ لە قووڵایی مێژوودا هەمیشە وەک دوانەیەکی لێکدانەبڕاو لەگەڵ موزیک و ئاوازدا دەرکەوتووە. لەو ساتەوەی مرۆڤی سەرەتایی لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشتەوە یەکەمین نمایشە خۆڕسکەکانی ئەنجامدا، موزیک وەک ڕەگەزێکی بونیادی لەگەڵ درامادا گەشەی کردووە. لە شانۆی هاوچەرخدا، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە ئامرازێکی ڕازاندنەوە و پاشکۆوە گۆڕاون بۆ زمانێکی جیهانی و ڕەگەزێکی گرنگی سینۆگرافیی کارا، کە توانای هەیە فەزای دەروونیی کارەکتەرەکان، ڕیتمی ڕووداوەکان و کەشی گشتیی نمایش بەرجەستە بکات. لێرەدا موزیک تەنیا بیستراو نییە، بەڵکو بەشێکە لە سینۆگرافیای نمایش کە بینەر لە جیهانی واقیعەوە بەرەو قووڵایی فەزای خەیاڵیی شانۆ پەلکێش دەکات. کۆمەڵگەی کوردی، بەهۆی دەوڵەمەندیی بە فۆلکلۆر، داستانە گۆرانی ئامێزەکان و ڕێوڕەسمە ئایینی و میللییەکان، خاوەنی پاشخانێکی مێژوویی گەورەیە لە ئاوێتەکردنی موزیک و نمایش. لە یارییە میللییەکانی وەک (کۆسەبەبە) و (میرمیرێن)ەوە تا دەگاتە سرووده ئایینییەکانی یارسانی و ئێزیدی، موزیک هەمیشە گوزارشتکارێکی ڕەسەنی شوناسی نەتەوەیی بووە. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆی کوردی بە شێوازە مۆدێرنەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، مامەڵەکردن لەگەڵ موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان کەوتە بەردەم ئاڵنگارییەکی نوێ. لێرەوە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوە دەگرێت، گرفتەکە لەوەدایە کە زۆرجار لە نمایشە شانۆییە کوردییەکاندا، موزیک وەک پڕکەرەوەی بۆشایی یان پاشخانێکی تەکنیکی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەک وەک کارەکتەرێکی زیندوو و ڕەگەزێکی ئیستاتیکی کە کاریگەری لەسەر گوتاری فیکری نمایش هەبێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی، تیشک بخاتە سەر مێژووی بەکارهێنانی دەنگ لە شانۆدا و ڕۆڵی جوانکاریی موزیک لە بونیادی درامی شانۆیدا شی بکاتەوە.

## 1.2 چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١,١. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی جەوهەری توێژینەوەکە لەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت :ئایا موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆیدا توانیویانە وەک ڕەگەزێکی بونیادی بەشداری لە خوڵقاندنی کەشی درامی و سایکۆلۆژیدا بکەن، یان تەنیا وەک ئامرازێکی تەکنیکی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ماونەتەوە؟

**2.1. گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەرچەند خاڵێک:

١- کتێبخانەی شانۆیی کوردی، لە چاو ڕەگەزەکانی تری وەک (دەق، نواندن، دەرهێنان)، کەمتر ئاوڕی لە بواری سینۆگرافیای دەنگ و فەلسەفەی موزیک لە شانۆدا داوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی هەوڵ دەدات ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و زانیاریی ورد دەربارەی پەیوەندیی نێوان موزیک و دراما پێشکەش بکات.

٢- گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات دیدگایەکی نوێ بۆ موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بخاتە ڕوو، بە جۆرێک کە لە پاشکۆیەکی تەکنیکی یان پڕکەرەوەی بۆشایی لە نێوان دیمەنەکاندا، بیگۆڕێت بۆ کارەکتەرێکی زیندوو و ڕەگەزێکی بونیادی کە کار لەسەر گوتاری فیکری و جوانکاریی نمایش دەکات.

**3.1. ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١- لێکۆڵینەوەی قوڵی مێژوویی لەدەستپێک و سەرهەڵدانی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆییدا.

٢- بایەخدان بە موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشەکانی شانۆییدا.

٣- گرنگی بەکارهێنانی موزیک لەدروستکردنی کەشی درامی لە نمایشە شانۆییە جیهانیەکان و خۆماڵیەکاندا.

٤- ڕۆڵی بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگیەکان بۆبەرزکردنەوەی بونیادی درامی و دیاریکردنی کات و شوێنی دەرخستنی وێنە بینراو وبیستراوی ڕووداوەکان لە ڕووی مێژووی و سایکۆلۆژی و ژینگەیی.

**4.1. سنووری توێژینەوە:**

1.4.1.سنووری کات: ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢٥)

2.4.1.سنووری جوگرافی: هەرێمی کوردستان-عێراق(هەولێر، سلێمانی، دهۆک)

3.4.1.سنووری بابەتی:چوارچێوەی جوانیەکانی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆیی کوردیدا دەگرێتەوە.

**5.1. شیکردنەوەی زاراوەکان:**

1.5.1. جوانی:

وشەیەکی یۆنانییە(Aisthetikos) بەواتای درکپێکردنی هەستەکی، وشەی (Aistheta)واتای خاڵی درکپێکردنی هەستەکی، بەزمانێکی سادەتر شتی هەستپێکراو، ئەم وشەیە ڕەچەڵەکی زاراوەی (Esthetique) کە ئەمڕۆ لە تەواوی زمانە ئەوروپیەکان بەکاردێت ( ئەحمەدی، ٢٠٠٨ ، ل٢٨). جوانی لە زانستە زمانەوانیەکانەوە وا پێناسە کراوە کەوشەی جوانیناسی لەجوانیەوە هاتووە، جوانی سەرچاوەی جوانە، ڕستەیەکی کردارییە، واتا جوانیەکی باشە، کە لەکردار دروست بووە. هەروەها جوانی بریتیە: لە سیفەتێک کە لە شتەکاندا هەبێت و چێژ و هەستێکی ڕێک و پێک و هاوئاهەنگی دەدات بە ڕوحەکان، کە یەکێکە لە و سێ چەمکەی کە بەندەکانی بەهاکان (جوانی و ڕاستی و چاکە) ( ابن منظور ،٢٠٠٨، ص٦٨٥).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

2.5.1.موزیک: زانسته، هونەره، زمانه، واته زانستی موزیک جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و ئەندازیاری لە ڕوانگەی زانستییەوە، تەنها لە ڕوانگە هونەرییەکەوە نەبێ کە دەتوانین شیبکەینەوە (رؤوف، ١٩٨٩، ل٦). زانستێکە لە زانستە سروشتییەکان و لە سەر بنەما و ڕێسا و یاسای ماتماتیکی ڕێکخراوە، دەنگەکانی گونجاندراون بە جۆر و شێوازێک کە بتواندرێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ توانایی بیستن و دەربڕین و تواناکانی گوێچکەوە ( کمون، ٢٠٠٨، ص٣٣).

3.5.1. نمایشی شانۆیی: کە مەبەستمان لە دەقێکی نووسراوە، دوای ئەوەی دەرهێنەر و گروپی کاری دیزاینەری سێت، دیزاینەری جلوبەرگ، دیزاینەری ڕووناکی، دیزاینەری موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان و بەڕێوەبردنی شانۆ و ئەوانی دیکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و پرۆسێس کراوە بەجۆرێک کە وشەسازی نووسراوەکەی بگۆڕدرێت بۆ ڕەگەزە بینراوەکانی بەرجەستە (بلبل، ٢٠٠٣، ص١٢٤). کۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکی و لاوەکییە کەنمایشی شانۆیی پێکدێنێت. واتا لە دەقێکی نووسراوەوە، بۆ دەرهێنەر و ئەکتەر و بینەر و ڕەگەزە سەرەکی و لاوەکییەکان لە دیمەنە شانۆییەکان، و ڕەگەزی ڕووناکی و موزیک و کاریگەریی دەنگیەکان و ماکیاژ و هۆڵ ( یوسف، ١٩٨٩، ص٦٧).

**2. میتۆدۆلۆژی:**

**1.2.بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان بە درێژایی مێژوو**

**1.3.2. موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە جیهانی سەرەتاییدا**

لەقۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، پێش ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئاستی داهێنانی وشە و زمانی دیالۆگ، "زمانی جەستە" تاکە ئامرازێک بوو بۆ لێک تێگەیشتن و گێڕانەوەی باسوخواسەکان. مرۆڤی ئەو سەردەمە ویستویەتی ڕووداوەکانی دەوروبەری، وەک ڕاوکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاژەڵە دڕندەکان، بۆ هاوەڵانی بگوازێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ جۆرێک نمایش و نواندن بردووە، خۆی کردووە بە ئاژەڵ و پاشان گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی (ئەحمەد، ٢٠١٥، ل١٣٢). بۆ قووڵبوون لەم تێڕوانینە و وێناکردنی ئەو نمایشە سەرەتاییانە (شێلدۆن تشینی) لە وەسفی ئەم دۆخە نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت: "یەکێک لە ئامادەبووان، کەوڵی شێرە کوژراوەکە بەسەر شانیدا دەدات و ڕاوکەرەکەش بە خۆی و ڕمەکەی دەستییەوە ئەوە نیشانی ئامادەبووان دەدات کە چۆن بە ڕمەکەی هێرشی کردووەتە سەر شێرەکە و لەکۆتاییشدا کوشتوویەتی (تشيني، ١٩٦٣، ص٤٢). لێرەوە کە ئەم لاسایی جەستەی بوونە بناغەیەک و فۆرمێکی سەرەتایی لە نمایش، وەک ئەوە جگە لەمانەش مرۆڤە سەرەتاییەکان، گەڵای دەرختەکان و پێستی دڕندەکانی پۆشیوە و لە هەناوی ئەشکەوتەکاندا پەنایەکی دروست کردووە. مرۆڤە سەرەتاییەکان پێویستیان بە هێزێکی گەورە هەیە. لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە تا بە سازدانی مەراسیمێکی ئایینی داوای یارمەتی لە و هێزە میتافیزیکییە بکەن تا سەرکەوتنیان بۆ مسۆگەر بکات. پاش چەند جووڵەیەکی شانۆیی، ورەیان ڕۆشن دەبێ و دەچنە ڕاو. کە دەگەڕێنەوە و ڕۆژ کۆتایی هاتووە و گرووپێک لە دەوری ئاگرێک خڕ بوونەتەوە و کەسێک لەو ناوە بە زمانی جەستە چیرۆکی ڕاوی لەدەستچوو، یان ڕاوی دەستکەوتوو دەگێڕێتەوە و بەنمایشەکەی سەرقاڵیان دەکات، ئیدی هەموو ئێوارەیەک کۆ دەبنەوە تا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بۆ ئەو کەسانە نمایش بکەن کە لەوێ نەبوون. ئەوسا

بەپەیڕەویکردن لەڕووداوە توندوتیژەکانی سروشت و گێڕانەوە و وێنەکردنەوەیان، زەمینەکانی سەرهەڵدانی شانۆ فەراهەم دەبێت (دیۆرانت، ٢٠٢٤، ل١١). هاوتەریب لەگەڵ جووڵە، مرۆڤ درکی بە "دەنگ" یش کردووە. هەر چەندە سەرەتا زمانی گفتوگۆی نەزانیوە "گەروو" یەکەمین ئامێری موزیک بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ دەربڕین و گوتنی دەنگی، وە هەروەها دەستەکانیش یەکەمین ئامێر بوون وەک چەپڵە بۆ بەکارهێنانی ڕیتمی لە گۆرانییە کۆنەکاندا (سەواف، ٢٠٢٣، ل٣). لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت کە جەستە و گەروو پێش ئامێرە داهێنراوەکان ئەرکی موزیکیان بینیوە، وەک ئەوەی (زاکس) جەختی لێ دەکاتەوە کە پێش ئەوەی هیچ ئامێرێک دابهێنرێت، مرۆڤ تەنها توانیویەتی ئاوازی سادە لە ڕێگەی گەروویەوە دەربکات پێش ئەوەی هیچ ئامێرێک دابهێنرێت (زاکس، 2014، ص١٤). بۆ گوزارشتکردن لەم دەنگانە و بەرجەستەکردنی ژینگەی دەوروبەر، مرۆڤی سەرەتایی بۆ ئەوەی گوزارشت لەم دەنگانە بکات، دەستی بە لاساییکردنەوەیان کرد، چ لە ڕێگەی گەروویەوە یان بەکارهێنانی کەرەستەکان، واتە لەڕەگەزە سروشتییەکان و زیندەوەران کە لەسروشتدا دەژین، وەک دەنگی درەخت و باڵندە و ڕووبار و گیانلەبەران و دەنگەکانی دیکە هاتووە (باقی، ٢٠٠٢، ل٣٦).

### 2.2 ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکانی شانۆی کوردی لە ناو یارییە میللییەکان و موزیکی فۆلکلۆریدا

#### 1.2.2. یارییە میللییەکان:

لە کۆنەوە لەنێو کورددا ئەدەبی گەل، میللی، بابەتی داستانی و بەیت و لاوک و هۆنراوەی گۆرانی ئامێزی هەبووە، کە زۆر بەسەر زاری کۆمەڵگەوە بوون و گەلیش بە جۆشەوە گێڕویتیەوە وەک شانۆگەری (مەم و زین، خەج و سیامەند، لاوکی قایغان، لاس و خەزال، دەرویشی عەبدی، گەنج خەلیل و حەفسەد)، وێنەی ئەو بابەتانە کە زۆریان بەدەم ئاواز و موزیکەوە ئەدا کراون و بەشێوەی نواندن، هەروەها بەبەشداریی تەواوی کەسانی نێو بابەتەکانەوە، ئافرەت نەخراونەتە بەرچاو، شایانی ئەوەن بە شێوەی ئۆپەرێتی میللی نێو ببرێن (محەمەد، ١٩٩٠، ل٤١). دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کورد وەک گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات، نەریتیەکانی وەک (سەمەنی) و (درۆینە) و (ساوار کوتان) و (سەیرانەکانی بەهار) و یاری و قۆشمە و گۆڵمەزەکانی وەک (قەرەگۆز و جریت بازی و مەیدان ئۆینی و ئۆرتە ئۆینی و عەرووسەک و زۆرخانە و کۆسە بەبە و ڕمبازی و ڕووبەندبازی) ی هەبووە، ئەم گەمە و یارییانە بە جۆرێک لە نواندنی شانۆیی میللی دەژمێردرێن. تا ئێستاش بەشێکیان ماون، یان هەندێکیان لە بۆنە و ڕۆژە تایبەتییەکاندا، بەتایبەتی لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٤٠) دا لە هەندێ شوێن، بەتایبەتی لە سەیرانگەکاندا ئەنجام دراون (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٧). ئەم گەمە و نواندنە خۆڕسکانە تەنها بۆ کات بەسەربردن نەبوون، بەڵکو گوزارشتێکی سیمبوڵی بوون بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان کە دواتر لەناو ڕێوڕەسمە فۆلکلۆرییەکاندا گەشەیان سەند.

#### 2.2.2.شانۆ لە ڕێوڕەسمە فۆلکلۆرییەکان:

بزاڤی شانۆی عەرەبی وبە تایبەتی شانۆی عێراقی، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر قۆناغی یەکەمی شانۆی کوردیدا، هەموو سەرچاوە و بابەتە مێژووییەکانی هونەری شانۆ لەم ڕوانگەیەوە چەندین بۆچوونی جیاوازیان هەیە. مێژووی هونەری شانۆی کوردی دەگەڕێنەوە بۆ بۆنە و یادە ئایینیەکان و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، وە پیاوانی ئایینی لەکوردستاندا بەردی

بناغەیان داناوە، هەروەکو سەرەتای شانۆی جیهانی لەجەژن و بۆنە ئایینیەکانی یۆنانی کۆنەوە دەستی پێکرد،کە فەقێیەکانی پێشی ئەو سەردەمە  واتا پێشی ساڵی (١٩١٠) هەندێك بینراوی تەمسیلیان زۆر بە ساکاری لەئاهەنگ و کاتی ڕابواردنی خۆیان کردووە (تەنیا، ١٩٨٥، ل٤٩). لەوسۆنگەیەوە محمود تەیموری مێژوونووس و ڕەخنەگری شانۆی لەساڵی (١٩٨٦) مێژووی شانۆی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەکانی بەر لەزایین، دابەشی دووشێواز بووە، یەکەمیان: (شانۆی کۆن یان شانۆی میللی) دووەمیان: (شانۆی نوێ)، نموونەکانیش: (حەکایەتخوان لە گوێی ئاگردان، بووکە بە بارانێ، کۆسەبەبە)، ئەوانە جۆگەلەیەکی گرنگن لەجۆگەی درامییەکانی وەکو (نواندن، گۆرانییە بەکۆمەڵەییەکان، حەکایەتەکان) (تیمور، ١٩٨٦، ل٦٧). سەرەڕای ئەمەش (مێجەر نۆئل) لەیادداشتەکانی ساڵی (١٩١٩) لە کوردستانی باکوور، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کورد هونەری شانۆیی هەیە، نموونەیەکی هێناوەتەوە، کە کۆتەڵی جەنازەییە، ئنجا دێ لەڕێگەی سەما و ئاواز باس لە نزیکی سەمای یۆنانی و سەمای کوردی دەکات، وەکو جۆرێک لە نمایشی پێشوازی لە میوان و چالاکییەکی فۆلکلۆری لەو دەڤەرەی کە پێدا ڕۆیشتووە (محەمەد، ٢٠٢١، ل١٢-١٣). خالێکی بەرچاو ئەوەیە، پێش ئەوەی شانۆی هاوچەرخ یان شانۆی ڕۆژئاوایی لەکوردستان بڵاو بێتەوە، لەناو کوردەواری هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەخلاقی خۆماڵی بوونی هەبووە، ئەتوانین بڵێین بۆن و بەرامی درامای لێهاتووە. کە بەهونەری تەماشاکردن و پێشاندان، بەهونەرێکی دێرین و باوی کوردەواری دادەنرێت. تەنانەت لەسەردەمە دێرینەکانەوە، بۆ نموونە: بەر لە زایینی مەسیح، گووتییەکان (٢٢٠٠) پێش زایین دەمامکی سەرکە بەرانیان لەسەر دەکرد، دیاردەی نواندن و لاساییکردنەوەیان لەلا هەبووە (فەرشی، ٢٠٠٠، ل٤-٨). بەڵگە مێژوویەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە میدییەکانیش(*) چەندین جۆر نەریتیان هەبووە. تەنانەت هەندێ لە پسپۆڕان وای بۆ دەچن کە هەندێک لە گاتاکان(**) لەکتێبی ئاڤێستا لە نمایشێکی شانۆیی تەواودەچن. هەروەها لەساڵی (٥٣) ی پێش زایین، بەقسەی مێژوونوسی یۆنانی، سترابۆن، کورد و ئەرمەن شانۆیان هەبووە (أحمد، ١٩٨٤، ص٤٨-٤٩). لەدرێژەی ئەم باسدا گاتایان یان گات (گاذ)، کەدەکاتە ئایەتەکانی ناو ئاڤێستا و بەزمانی میدیاکان واتای (گاس) دەگەیەنێ، تا ئەمرۆش لە دیالێکتی ئەمرۆی هەولێر و بادینان و مەهابادا لەشێوەی (گاز) و (گاس) دا ماوەتەوە و بەمانای (بانگ) دێ (گاسی بکە، گازی بکە) ، لە بنەڕەتدا بریتیە لەبانگی زەردەشتی بۆ میللەتەکەی، کەواتە یەسنا و گاتەکان، کە بەموزیک یان بەشێوەی سروودی دینی دەگوترانەوە، یادگاری ئەو نوێژ و بانگە مەزهەبییانەی سەردەمی زەردەشتن، کە زۆربە مێژوونووسان پێیاوایە سیاچەمانە و هۆرەی هەورامان، هەروەها سروودی یارسانی ئەهلی هەق، بەهامان شێوە موزیک و گۆرانی یەزیدییەکانیش لەکاتی زیکر و کۆرەکانیاندا، لە موزیکی زەردەشتی و دینی زەردەشتەوە هاتوون(پیربال، ٢٠١٠، ل١١-١٢). نەریتە میللەکانیش وەک (میرمیرێن، میرنەورۆز)، قۆشمەوگۆڵمەزە درامییەکانی وەک (قەرەگۆز، جریت بازی، مەیدان ئۆینی، ئۆرتەئۆینی، خێمەی شاب بازی، عەرووسە، زۆرخانە، ڕمبازی و

---

(*) میدیا کۆنترین فۆرمی جوگرافی  خاکی میدییەکانیش بووە، لە بەڵگەنامە چەرمییەکاندا تۆمارکراوە کە لە تەل ئەلئەمەرنا لە میسر و هەروەها میدیا دۆزراونەتەوە، کە فراوانترین ڕووبەری خاکی کۆنی سوبرتۆی لەخۆگرتبوو. (أحمد، ١٩٨٤، ص٤٨).

(**) واتا بانگ، سروودی دینیی زەردەشتی بوون، پێشیان گوتراوە یەسنا. یەسنا سروود بووە و کێشی بڕگەیی(هیجایی) یان هەبووە، ئامێری موزیکییان لەگەڵ بەکاردەهات و لەلایەن مووغ و سترانبێژەکانەوە لە کاتی شادی و پرسەکاندا یان لە بۆنەکانی تردا، هەروەها لەناو پەرستگاکانی خۆشیاندا بە دیار ئاگرەوە، بە ئاواز دەگوترانەوە(( پیربال، ٢٠١٠، ل٩٣).

ڕووبەندبازی). هەروەها نواندنی مەزهەبی و ئایینییەکانیش، ئەم گەمە و یارییانە بە جۆرێک لە نواندنی شانۆیی میللی دەژمێردرێن (محەمەد، ٢٠٢١، ل٢٣).

**3.2.2.** مێژووی یەکەم دەقی شانۆی کوردی:

لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە وردە وردە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، هەندێ لەزاراوە ئەورووپاییەکان بۆ هونەری شانۆ دەردەکەون، پیەس، درام، تیاتر، هەندێ جار زاراوە فارسی و عەرەبیەکان، وەک (نمایش، تە مسیل)، (عەبدولرەحیم هەکاری) بەیەکەم نووسەر دەژمێردرێت کە بەزمانی کوردی لەساڵی (١٩١٩) زاییندا لەگۆڤاری ژین، لە ژمارە (١٥ و ١٦) دا ،لە ئەستەمبۆل، ناوێکی بۆ (هونەری شانۆ-Theatre) دۆزیێتەوە. هەکاری دوو زاراوەی بەکارهێناوە (پیەس و تیاتر). وەك دەبینین ئەمیش هەر نەیتوانیوە زاراوەیەکی کوردیی پەتی دابرێژێت (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١١). هەکاری یەکەم دەقی شانۆیی لەگۆڤاری ژین لەساڵی (١٩١٩) دا شانۆنامەی (مەمی ئالان)(*)ی بڵاو کردۆتەوە کە بریتییە لەکورتە شانۆیەکی دوو پەردەی و لەلایەن هەکاری نووسراوە (حاجی، ٢٠٢٤، ل٢١). پاشان لەساڵی (١٩٢٠) دا لیژنەی (فەن و تەمسیل) لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا لە هەولێر دادەمەزرێت. وەك لەم لیژنەیەوە دەردەکەوێ، بەهونەری شانۆ گوتراوە (تەمسیل) واتە زاراوە عەرەبییەکەیان بەکارهێناوە. تاوەکو ئەو ساتەش هیچ ناوێکی (شانۆ) لە ئارادا نەبووە. ئینجا پێرەمیرد لە ڕۆژنامەی ژیان ڕۆژی سێشەممەی (٢) ی ئاغستۆسی (١٩٢٧) لە وتارێکی ڕەخنەی شانۆییدا، زاراوەی (تەمسیل و فەنی تەمسیل و درامی Drame، وپەیس Piece) ی بەکارهێناوە. دوای ئەویش زێوەر لەسەرەتای سییەکاندا بەشیعر لەبارەی (فەنی تەمسیل) دەدوێ بەهەمان شێوە خۆی لە قەرەی وشەی شانۆ نەداوە. ئینجا بێکەس لە شیعرێکیدا کە لە (٣٠ ی ٣ ی ١٩٣٩) دا لە ژمارە (٥٦٠) ی ڕۆژنامەی ژیندا بڵاو کراوەتەوە هەر وشەی (تیاترۆ) ی بەرامبەر بەشانۆ بەکارهێناوە (پیرباڵ،٢٠٠١،ل١١-١٢). شانۆگەری (سەڵاحەدینی ئەیووبی) لەنووسینی (شێخ نەجیب حەداد) لەڕۆمانی (تەلسیمی) نووسەری سکۆتلاندی (واڵتەر سکۆت) ئامادەکراوە (محەمەد، ٢٠٢١، ل٢٩) لەپاییزی (١٩٢١) وەکو یەکەمین پێشاندانی شانۆیی بە زمانی عەرەبی شانۆگەری (سەڵاحەدینی ئەیووبی) بۆ چەند ڕۆژێک لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا لە شاری هەولێر نمایش کراوە (حاجی، ٢٠٢٤، ل٩٤). مامۆستا محمد حەوێزیش ئەڵێ ئەم شانۆگەرییە یەکەم کاری شانۆیی کوردییە کە لە هەولێر پێشکەش کراوە وەک هونەرێکی سەربەخۆ و مەرجی درامی تیا بوو بێ. بە پێی سەرچاوە زانستییەکان بێت (قرالیچە) یەکەم نمایشی شانۆیە کە لە سلێمانی نمایش کراوە (هەورامی، ٢٠٠١، ل٢٩٢). ناساندنی شانۆی کوردی لەسەر بنەمای مێژوو، فۆلکلۆر، ئەفسانە، لەنمایشی شانۆییەکانی مامۆستا ئەحمەد سالار(**) گۆرانی فۆلکلۆر و سەما و موزیک لەگەڵ شیعر و مێژووی مۆدێرن تێکەڵ دەکرێن وەک بنەمایەک بۆ شانۆیەکی نیشتمانی نوێ (Wilson , 1973, p30). شێوازی حیکایەتخوان، ئاماژەکردن بە کەسایەتییە مێژووییە ناوخۆییەکان و بەکارهێنانی موزیک و سەمای فۆلکلۆر بە ڕوونی ئەو کاریگەرییە نیشان دەدەن

(*) بابەتی ئەم شانۆنامەیە پەیوەندی بە داستانی مەمی ئالان یان چیرۆکی "مەم و زین "ی فۆلکلۆر و خانییەوە نییە، بەڵکو نووسەرەکەی لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی خۆی و بۆ پێشاندانی هاوکاری گەلی کورد لەگەڵ گەلە موسڵمانەکاندا و بەتایبەتیش لەگەڵ گەلی فەلەستینی عەرەب لە خەبات لە پێناو رزگار کردنی شاری قودس، ئەم شانۆنامەی داناوە(حاجی، ٢٠٢٤، ل٢١).

(**) ئەحمەدسالار لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. دوای ئەوەی لە ژێر دەستی سامی عەبدولحەمید، ئیبراهیم جەلال، ئەسعەد عەبدولڕەزاق، بێهنام میخائیل و جەعفەر ئەلسەدی درامای خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧١ کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا دەرچووە (عبدالواحد، ٢٠١٣، ل١١٠-١١٣).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

که شانۆی عەرەبی و خوێندنی سالار لە زانکۆی بەغدا لەسەر کارە هونەریەکانی دروستیان کردبوو. شانۆنامەنووسانی عەرەب کە لە (برێشت) ەوە ئیلهامیان وەرگرتبوو بۆ دروستکردنی شانۆیەکی پێشکەوتنخوازی ڕەسەن، سوودیان لە ئامێرە شانۆییە ڕەسەنەکانی وەک حیکایەتخوان و فۆرمەکانی تری فۆلکلۆر وەرگرتبوو. کاریگەریی (برێشت) لەناوەڕاستی شەستەکاندا دەستی پێکردبوو بە دەرکەوتنی لە کارەکانی دەرهێنەر و شانۆنامەنووسانی عەرەبدا. (سمۆ، ٢٠٠٧، ل ١٢٥). لە نمایشەکاندا، دیاربوونی موزیکژەنان و ئامێرە موزیکیەکانی وەک لێدانی دەف و ژەنینی ئامێری سانتور لەناو بەرهەمەکانی سالاردا بە ڕوونی دیارە کە ئەوەش کاریگەری شانۆی عەرەبییە، بەتایبەتی شانۆی ئاهەنگسازی[*] مەغریبی وەک ئامرازێکی باو و کاریگەر بۆ پڕوپاگەندەی کولتووری و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، وەک ئەوەی لەسەرەتای نالی و خەونێکی ئەرخەوانیدا بوو، بۆ گواستنەوەی پەیامە سیاسییە هاوچەرخەکان بەکاردەهێنران. بەم شێوەیە دەتوانرێت بانگەوازی نەریت بکرێت کە هەم شانازی کولتووری دووپات بکاتەوە و هەم شانۆنامەنووس لە سانسۆری دەوڵەت بپارێزێت. بۆیە لە شانۆی سالاردا، ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراو هەردووکیان وەک ئامرازێکی گرنگ بوون کە لەرێگەیانەوە دەتوانرا داهێنەری هونەری بەئاگا بهێنرێتەوە و هۆشیاری سیاسی پەروەردە بکرێت (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) وەک شانۆنامەیەکی جەوهەری کوردی وەسف کراوە (کەمال غەمبار) بەیەکەم شانۆنامەی ڕاستەقینەی کوردی لە هەموو تایبەتمەندییەکانیدا دەزانێ (کریم، ٢٠٠٩، ل٢٥٤). شایەنی باسە دکتۆر ژیلوان باپیر لە بابەتێک لە گۆڤاری ڕامان ژمارە(١٩١)، دەڵێت: ئامادەکردنی موزیک لە شانۆدا پەیوەستە بەڕۆحی دراما و بەشدارییەکی کاریگەر لە (کات) و (شوێن) دەکات و خوڵقاندنی کەشو هەوای دەروونی و بەرێوەبردن و دیاریکردنی ڕیتمی دیمەنە شانۆییەکان، چونکە ئەرک و فەرمانی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان بریتی نییە لەپڕکردنەوەی بۆشاییەکان و ڕاکێشانی دیمەنە شانۆییەکان، بەڵکو بەشداری لەجۆری بابەت و ڕووداو و بەرزبوونەوەی و دابەزینی ململانێیە درامییەکان دەکات، هەروەها ڕەگەزێکی کاریگەرە بۆ چوونە ناو دەوری ئەکتەرەکان لە بنیادی کارەکتەرەکان، هەروەها بەشدارە لە بەخشینی چێژی ئیستاتیکی و فیکری و هونەری و خوڵقاندنی تەقس و مەوداکانی فەزای نمایش دەکات، کاریگەری موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لەشانۆدا پێویستە بەقەبارە و ئاراستەی ڕووداوەکان بێت (باپیر، ٢٠١٣، ل٧٨). ڕەخنەگرە شانۆییەکان دەڵێن هەر کارێکی شانۆیی بیر و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە موزیکیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیر و ئامانجانەی وێنەی خۆی لەناو شانۆگەرییەکە دابکێشێ و ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆ بێت و شوێنی خۆی بە ڕادەیەک لەشانۆدا دیاری بکات، بەچەشنێک ئەگەر لەهەر شوێنێک گوێمان لە موزیک بێت، درک بەوە بکەین کە ئەو موزیکە موزیکی فلانە شانۆگەرییە، بۆیە ئەو موزیکەی بۆ شانۆگەرییەک دادەنرێت، ناشێ هەمان موزیک بۆ شانۆگەرییەکی تر بەکاری بهێنرێت (عەبدولڕەحمان، ١٩٩٩، ل٦٩). لەئەنجامی ئەم تێڕوانینە توێژەر وون بوونی موزیکی لە بەرهەمە شانۆییەکانی خۆماڵی بۆ ئەم فاکتەرانە دەگەڕێنێتەوە: یەکەم فاکتەر، ئەو وون بوونە لە دەرهێنەرەکان خۆیانە، چونکە هەندێکیان بە قەد پێویست بایەخیان بە موزیک نەداوە، زیاتر موزیکی بەردەست و تۆمارکراویان بەکارهێناوە ئەمیشیان زیاتر بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی نیوان دیمەنەکانەوە بووە، ڕەنگە ئەو جۆرە موزیکە هیچ پەیوەندیکیان بە ناوەڕۆک و بابەتی دەقەکەوە نەبێت. حەیدەر عەبدولڕەحمان لە گۆڤاری ڕامان ژمارە(٣٤) ی ساڵی (١٩٩٩) کە ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: هەندێ لەو دەرهێنەرانە وای بۆ دەچن کە بینەری کورد چ جوداییەک لە نێوان موزیکی زیندوو، لەگەڵ موزیکی

بەردەستدا ناکات، بۆیە فەرامۆشی موزیکژەنەکانی خۆمان دەکەن (عەبدولڕەحمان، ١٩٩٩، ل٦٨). فاکتەری دووەمیش، کە موزیکژەنی تایبەت بە دراما نەبێت، دکتۆر ژیلوان تاهیر لە گۆڤاری ڕامان ژمارە(١٩١) ی ساڵی(٢٠١٣) ئاماژە بەوە دەکات کە کەسی پسپۆڕمان نییە تەنیا کاری موزیکی شانۆیی بکات و لە هونەری موزیکی شانۆییدا قووڵ بێتەوە (باپیر، ٢٠١٣، ل٧٨). نەبوونی پسپۆڕی لە بواری دانانی موزیك بۆ شانۆییەکان، لەلایەن زۆرێك لە دەرهێنەرەکان موزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان، ڕەگەزێکی سەرەکی نەبووە بەڵکو بەبنەمایەکی لاوکیان داناوە بۆنمایشەکانیان. برێکی کەم هەبووە توانیتیان داهێنانیش بکەن لەم بوارەدا شان بەشانی ریتمی ڕووداوەکان، موزیکی پاڵپشت بەڕێوە ببەن،ئەزموونی زیندوومان هەیە وەک نمایشی شانۆیی(زەمبیل فرۆش) لەدەرهێنانی (دکتۆر ژیلوان) کەتێیدا موزیکی زیندووی بەکارهێناوە و بەشێوازی ئاهەنگسازی دەرهێنانی بۆ ئەم دەقە کردووە. بۆیە ئەم شێوازەی گرتە بەر چونکە لەبنچینەدا چیرۆکەکە بە گۆرانی گوتراوە و لەسەر زمانی خەڵکی گشتی و شاعیرەکانەوە گواستراوەتەوە. تەختەی شانۆی بۆ دوو بەش دابەشکردبوو، لایەک بۆ ماڵی میر تەرخان کرابوو و لایەکەتریش بۆ تیپی موزیک و کۆرسەکان (هورمز، ٢٠١٥، ل٧٣). هونەرمەند و مامۆستا (وریا ئەحمەد) لەبابەتێک کە لە گۆڤاری ڕامانی ساڵی(٢٠١٣)، ژمارە(١٩١) بابەتێکی بەناوی (موزیکی پاڵپشت) یان (موزیکی تەسویری) لە فیلم دراما و شانۆدا دەڵێت: موزیکی (باکگراوەند-Background) ئاسانترە، لە موزیکی پاڵپشت، چونکە ئەمەیان کارێکی وردتر و قورسترە و دەبێت کەسێکی پسپۆڕی ئەم بوارە ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی موزیکێک دابنێت نزیک لە سروشتی دیمەنەکان بێت و بەهۆی دانان، یان هەڵبژاردنی ئەو موزیکەشیەوە، بتوانێت دیمەنەکان باشتر بۆ بینەر بەرجەستە بکات، بۆ نموومە دانەری موزیکی پاڵپشت دەبێ ئاگاداری ڕووداوەکانی ناو دەقی نوسراو بێت، وەک: (ترس و توقێن، خۆشی و شادی، تووڕە بوون و پەرچە کردار، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، قازانج و زەرەرکردن، بردنەوە و دۆڕاندن، عشق و خۆشەویستی و دڵداری و ڕووداوی کوتوپڕی لەناکاو و زۆری تر)، بۆ ئەوەی بتوانێت بە موزیک ئەمانە و زۆر حاڵەتی دیکەیش بەرجەستە بکات، ئەمەش بەو مەبەستەی جوانی زیاتر بە دیمەنەکان ببخشێت، هەروەها ئاماژەی بە کارتێکەرە دەنگیەکانیشی داوە و دەڵێت: بۆ ئەوەی لە شوێن و کاتی گونجاودا بە هۆیانەوە بتوانێت نیشانەکانی خۆی بە باشی بپێکێت (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٤٢-١٤٣). بۆ قووڵبوونەوەی زیاتر لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە شانۆی کوردیدا دەبنەوە و بۆ گەیشتن بە دیدگایەکی نوێ، توێژەر پەنای بردۆتە بەر ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێکی مەیدانی لەگەڵ پسپۆڕان و دەرهێنەرانی ئەم بوارە.

توێژەر لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٢٩ چاوپێکەوتنێکی مەیدانی لەگەڵ مامۆستا (کامەران حاجی ئەلیاس) ئەنجامدا، کە تێیدا تیشک خرایە سەر ڕۆڵی موزیک لە شانۆدا:

توێژەر/ گرنگی نەدان بە موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆی کوردیدا هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

ئەلیاس: گرنگی نەدان بە موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆی کوردیدا هۆکارەکەی بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە:

١- لەلایەن زۆرێك لە دەرهێنەرەکان (موزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان)، ڕەگەزێکی سەرەکی نەبووە بەڵکو بەبنەمایەکی لاوکیان داناوە بۆنمایشەکانیان.

٢- لەکاتی نمایشەکان کاتێ هەڵسەنگاندن بۆشانۆگەرییەکەدەکرێت، جا لەلایەن هەرکەسێك بێت زیاتر گرنگی بە نواندن و دەرهێنان دەدەرێت موزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان بە خاڵێکی لاوکی سەیر دەکرێت.
٣- نەبوونی پسپۆری لە بواری دانانی موزیك بۆ شانۆییەکان.
٤- زۆرێك لە دەرهێنەرەکان چەند رۆژێك پێش نمایش بیر لە موزیك و کارتێکەرە دەنگییەکان بۆ شانۆگەرییەکانیان دەکەن. بەدوای چەند پارچە موزیکی جیهانی دەگەرێن بە شێوەی تۆمار کراوی وەکو باگراوند بە دوای دیالۆگەکان دەروات. لەوکاتەی پێویستە موزیکی زیندوو واتە راستەوخۆ لەلایەن چەند ژەنیارێك لەگەڵ نماشەکە بن چونکە کاریگەری زیاترە..
توێژەر: بۆچی هەندێک لە دەرهێنەران، موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان وەک رەگەزەکانی تری نمایش بە هەند وەرناگرن؟
ئەلیاس: کۆکردنەوەی سەرجەم کارەکان لای دەرهێنەر وای کردوە نەپرژێتە سەر کار موزیك و بەهەند وەرنەگرتن و بەکەم زانین رۆڵی موزیك و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆیی لەلایەن هەندێ لە دەرهێنەرەکان.
٢- توێژەر لە رێکەوتی ٢٠٢٥/١١/٣٠ چاوپێکەوتنێکی مەیدانی لەگەڵ مامۆستا (ئەرسلان دەروێش) ئەنجامدا، کە تێیدا تیشک خرایە سەر رۆڵی موزیک لە شانۆدا:
توێژەر: بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆییدا تا چەند کاریگەرە؟
دەروێش: کاریگەری بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا، ئورگانی و فرە جەمسەرە، بۆنموونە رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت لە دروستکردنی کەشی گشتی (الجو العام)، رێکخستنی ریتمی نمایش و ریتمی سۆزداریی دیمەنەکان ئیدی بینراوەکان هەرجۆرێک بن ( تراژیدی ، کۆمیدی ، رۆمانسی ، ترسناک،...)، جۆشدانی هەڵچوون و دەربرینەکانی پرۆسەی ئاکتین، قوڵکردنەوە و بەرجەستەکردنی واتا و ئامانجەکانی نمایش، سەرەرای کاریگەریی دیاری لە گەیاندنی پەیام و گوتاری نمایشە شانۆییەکە بە شێوازو فۆرمێکی قوڵ و سەرکەوتوو.
توێژەر: ئایا موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان، دوو رەگەزی سەرەکین لە سینۆگرافیا؟
دەروێش: بەڵێ، چونکە موزیک وکارتێکەرە دەنگیەکان رۆڵێکی گەورو بنچینەییان هەیە لە نمایشی شانۆیی هاوچەرخدا، ئەو رۆڵە ساکارە رەتدەدەن کە تەنها وەک توخمێکی جوانکاریی بەکاربخرێن، بەڵکو دەبنە رەگەزێکی سەرەکی لە پێکهاتەی دارێژەری گوتاری ئیستاتیکی و هزریی و درامی نمایش و ئەزموونی وەرگر و جەماوەری بینەراندا. ئەم رەگەزە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە دیاریکردنی مەرزەکانی کات و شوێن و وێناکردنی هێما سۆزداریی و ململانێی دەروونیی کارەکتەرەکان، هەروەها بەرفراوانکردنی ئاسۆی پەیپێبردنی بینەران بۆ فەزای نمایشەکە. بەم چەشنەش دەنگ و موزیک لەلای من دەبنە زمانێکی هاوتەریب بۆ دەق و جووڵەی سەر شانۆو رەهەندی خۆی لە مەوداکانی شوێن و کات و رووداودا پەیدا دەکات، بەم شێوەیەش نمایش وەک دیاردەیەکی فرە هەست بەرجەستەدەبێت کە ریتمی دەنگ و ریتمی بینین لە دووتوێی ئەزموونێکی جوانکاریی و فیکری شانۆیی تۆکمەدا دەچنرێن و موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکانیش لە چوارچێوە فراوانەکەی سینۆگرافیادا جێی خۆیان دەگرن.

## 3.2رۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە دیدی دەرهێنەرانی شانۆ لە سەردەمی هاوچەرخدا

### .1.3.2 ڤاگنەر-Richard Wagner(١٨١٣-١٨٨٣):

ڤاگنەر لە شاری لایپزیگ لە ئەڵمانیا لە ١٨١٣/٥/٢٢ لەدایک بووە، ئاوازدانەری موزیک و جیهانی جوانیناسی، نووسەری ئۆپێرای شیعری. ڕەگەزنامەی ئەڵمانی باوکی ئەفسەری باڵای پۆلیس بوو. (عيد، ٢٠١٧، ص٦٠٨). حەز کردنی بۆ شانۆ لە سەرەتای منداڵییەوە دەستی پێکردووە، بەهۆی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیا، کە بە شێوەیەکی نائاسایی خەیاڵی وروژاندووە. بلیمەتی موزیکی ئەو لە هاتنە کاییەی شیعر و شانۆدا بوو و دەربڕینەکەی هەم توخمە بینراوەکان و هەم توخمە بیستراوەکانی لەخۆگرتبوو(عبدالله ،٢٠١١، ص٢٩). موزیکی شانۆیی لەسەر دەستی ڕیچارد ڤاگنەر بۆ ئۆپێرا گواسترایەوە، کە لەسەرەتاشدا وەکو هونەرێکی باڵای ئایندە لە ئیتاڵیا دەرکەوت، هونەری ئۆپێرا توانی سەرجەم هونەرەکانی شانۆ و شێوەکاری و موزیک لە خۆی کۆ بکاتەوە، بە تەکنیکێکی نوێ بێتە بواری هونەری، ڤاگنەر ساڵی ١٨٥١ کتێبی ئۆپێرا و درامای نووسی بیرۆکەکانی ڤاگنەر کە لەم کتێبانەی نووسیونی، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە: دراما ناتوانێ بگاتە پلەی بەرز، گەر لە جۆرێکی میللی نەبێت، ئەو جۆرەش نایەتە دی لە ڕێگەی جەماوەر و بەشداریکردنیان لە دەرهێنان نەبێت(سەواف، ٢٠٢٣، ل٣١٥).

**2.3.2.ئەدۆلف ئاپیا- ADOLPHE APIA (١٨٦٢-١٩٢٨):**

تیۆرییەکانی ئاپیا بە ئاماژەیەکی بەهێز بە ئۆپێراکانی ڕیچارد ڤاگنەر دەستپێکرد و پەرەی پێداوە، لە لایەکەوە مێژوو پێشتر بڕیاری لەسەر کاریگەری ئاپیا داوە بەڵگەی زۆر هەیە بۆ پشتگیریکردنی گرنگییەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی موزیک لە شانۆی دراماتیکدا (Roesner, 2014, p53) توانی بەرهەمەکانی ڤاگنەر بە پێی پێویستی خۆیان دراماتیک بکات (بينتلي،١٩٨٦، ص ١٧) بیرمەندی شانۆیی ئاپیا یەکێکە لەو هونەرمەندە گەورانەی کە ڕۆڵی گرنگی لە بواری موزیک و ڕوناکی شانۆیی لە ڕێگەی توێژینەوەکانی بەشێوەی تیۆری و پراکتیکیدا بینی، وە لەمیانی بەدواداچوونی کارە شانۆییەکانی ڤاگنەر کە تایبەت بوون بە درامای موزیکی هەر بۆیە یەکەم کتێبی دانا بە ناوی دەرهینانی (درامای موزیکی ڤاگنەر) لەساڵی ١٨٩٥، دواتر لە ساڵی ١٨٩٩ کتێبێکی تری بەچاپ گەیاند بەناوی ( موزیک و هونەری شانۆ) (عبدالله، ٢٠١١، ص٤٢).

**4.3.2. ئێدوارد گۆردۆن گریگ (Edward Gordon Grig) (١٨٧٢-١٩٦٦) :**

گۆردن گریج دەڵێت: موزیک ڕوح و گیانی شانۆ پێکدەهێنێت، بەشێوەیەکی گشتی هونەرێکی سروشتییە کە جووڵەی کۆمەڵگا و گەردوون بەرجەستە دەکات(اردش، ١٩٧٩، ص٢٣٥). گوردون گریگ بیروڕاکانی خۆی بەستەوە بەفەلسەفە و جوانناسی و زانستی هونەر دوای ئەوەی کە بەشیوەیەکی ئەکادیمی هونەرەکانی تەلارسازی و موزیک و وێنە کێشانی خوێندوە، توانی ئەم هونەرانە لەناو هونەری شانۆدا کۆبکاتەوە و خەونەکانی خۆی بە ناکام بگەیەنێت هەر بۆیە کە خۆی تەرخان کرد بۆ بواری هونەر زۆر سەرسام بوو بە بیرمەندانی شانۆی نوی بەتایبەتی (ڤاگنەر) و (دۆق ساکس ماینگن) بە سوود وەرگرتن لەوان توانی بەستایلێکی تازەوە بێتەوە ناو هونەری شانۆ. (حمداوی، ٢٠١١، ص٦٢). ئەوەی گریگ دەیویست لە بواری شانۆدا بەدەستی بهێنێت شکاندنی وەهم و دوورکەوتنەوە لە شانۆیەکی ڕیالیزم و سروشتگەرایی (ڕەئووف، ٢٠١٥، ل٤٠).

**4.2.جوانیەکانی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکانی لە نمایشی شانۆیدا**

**1.4.2 بەکارخستنی موزیک لە نمایشی شانۆییدا**

لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی موزیک مامۆستا (ئەحمەد سالار) دەڵێت: ئامێرەکانی موزیک زادەی لاسایی کردنەوەی کۆئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤن، هەرئامێرە و دەنگ و چێژێکی تایبەتی هەیە، هەر



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ناتەواویەك لە بەشێكی پێكهێنەری ئامێرەكانیدا هەبێ، هەروەكو مرۆڤ كاردانەوەی هەیە(عبدالواحید، ٢٠١٠، ل٢٠١). موزیک لە نمایشە شانۆییەکەدا بە شێوەیەکی توند دیارینەکراوە، بەڵکو پشت بەو بەکارهێنانە دەبەستێت کە دەرهێنەر دەیەوێت، و بە پەیوەندییەکەی بە توخمە جوانیناسی و هونەرییەکانی ترەوە، وەك دەردەکەوێت موزیک بەهەموو جۆرەکانییەوە و بۆ رێکخستنی جووڵەو سەما لەسەر شانۆو بۆگرنگیدان بە ڕووداوەکانی کەش و دروستکردنی کارتێکەری دەروونی و سۆزداری هزری ئەکتەر و دیمەنەکانی سەر شانۆن(محمود، ٢٠١٤، ص٩٣).

### 2.4.2 کاریگەری موزیک لەسەر ئەکتەر

موزیک بەزمانی جوانی دادەنرێت، پاڵپشتی ڕووداو و ئەکتەرەکان دەکات، پشتگیری دەق و و گوزارشت لەڕووداو دەکات، یارمەتی ئەکتەر دەدات بەدروستکردنی کەشێکی دەروونی بۆ ڕۆڵەکەی (حمود و عمران، ٢٠١٩، ص١٩٢-١٩٣). هەروەها بۆ جیاکردنەوەی کارەکتەرێک لە نێو کارەکتەرەکاندا بەکاردێت، کە یارمەتی بینەر دەدات بیناسێتەوە و لە کارەکتەرەکانی دیکە جیای بکاتەوەتەنانەت ئەگەر جل و بەرگیشی گۆڕی بێت وەهەروەها دەتوانێت باری دەروونی کارەکتەرەکان وێنا بکات و تیشک بخاتە سەر تێڕوانینیان لە کاتی نمایشەکەدا جگە لەوەش ڕۆڵی جۆراوجۆری دیکە دەگێڕێت(تیجام، د.ت، ص١٠١). موزیک و گۆرانی و مارش و میلۆدی لە باکگراوندی کارەکتەرەکان بەکار دەهێنرێت ،بە مە بە ستی تێرکردنی کە شی شانۆیی گشتی(النادي،١٩٨٧، ص٧٦).

### 3.4.2 ڕۆڵی بەکارخستنی کارتێکەرە دەنگیەکان لە نمایشی شانۆییدا

موزیک گیانی شانۆو ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، کارتێکەرە دەنگیەکانیش بە هەردوو شێوەی سروشتی و دەستکردەکان واتا بەخشن. سەبارەت بە کارتێکەرە دەنگیەکان دەتوانرێت ئاماژە بکرێ، بۆ نمونە: دەنگی شەمەندەفەر، ئۆتۆمبێل، بای بەهێز، هەورەتریشقە، تەقەی دەمانچە، یان دەنگی شەپۆلی دەریا...گرنگ ئەوەیە کە نووسەر ئەو ساتانە هەڵدەبژێرێت کە داوای وەسفێکی موزیکی یان کارتێکەری دەنگ دەکات(النادي،١٩٨٧، ص٧٦). کارتێکەرە دەنگیەکان هەموو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە کە بەشێک نین لە موزیک، یان لە قسەکردن، تەنانەت کارتێکەرە دەنگیەکان بەرهەمی شانۆی مۆدێرن نییە، بەڵکو لە کۆنەوە لە شانۆدا بەکارهێنراون و بەرهەمهێنانیان بە تیپی موزیک سپێردراوە. دواتر بە داهێنانی تەکنەلۆژیای تۆمارکردنی مۆدێرن، ئەم ڕەگەزە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی و ڕۆڵێکی ماناداری گرنگی لە نمایشی شانۆدا بینی. هەربۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەنگە سروشتی و ناسروشتییەکان ڕۆڵێکی باش و کارا دەگێڕن لە دروستکردنی کەشی پێویستی بینراوی نمایشی شانۆییەکە بۆ دروست کردنی فەزایەکی ڕاستەقینە، کارتێکەرە و دەنگییەکان لەگەڵ موزیکدا دنیای ڕاستەقینەی بینەران بە جیهانی خەیاڵی شانۆوە دەبەستێتەوە(بختی، ٢٠١٥، ص٥٦). هەروەها ڕۆڵێکی ڕەمزی دەگێڕن، وەک دەنگی بانگی نوێژ، کە ئاماژەیە بۆ ئایینی ئیسلامی، و دەنگی زەنگۆڵە، کە ئاماژەن بۆ ئایینی مەسیحی... کارتێگەرەدەنگیەکان بە جیا لە باقی ڕەگەزەکانی پێشکەشکردن کار ناکەن، بەڵکو لەگەڵیان هاوئاهەنگ دەبن، کارلێک لەگەڵیان دەکەن و پشتگیریان دەکەن(جابر، ٢٠٢٥، ص٩٠).


چەند نموونەیەک لە دروستکردنی دەنگی کارتێکەرە دەنگیەکان:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- تەختەی هەورەبروسکە:

تەختەیەکی گەورە لە قۆڕی گەڵڤانێزکراو بە قەبارەی ٦ × ٢٦ بە پەتێکەوە هەڵدەواسرێت تاکو بەر هیچ شتێکی ڕەق نەکەوێت. بەو شێوەیە دەکرێت لاسایی دەنگی هەورەبروسکە، دەنگی تەقاندنی تۆپ، و دەنگی تەقینەوەکان بکرێت، ئەمەش بە لەراندنەوەی بە توندی، یان لێدانی بە چەکوش، یان بە داردەهۆڵێک کە پارچەیەک لۆکە بەسەر سەریدا پێچرابێت. وەک ئەوەی لە وێنەی ژمارە (١) نیشاندراوە.



وێنەی ژمارە(١)

کارتێکەری دەنگی هەورەبروسکە

- باران و شەپۆلەکان:

دەکرێت لاسایی بکرێتەوە بە ئامێرێک وەک ئەوەی لە وێنەی ژمارە (٣) شێوە دا نیشاندراوە. ئەگەر بنی سینییەکە لە داری «ئەبلەکاج» بێت و نیو پاوەند برنج یان فاسۆلیا تێدا دابنرێت، و خوار بکرێتەوە، دەنگێک دروست دەکات کە لاسایی دەنگی شەپۆلەکان دەکاتەوە. وە ئەگەر بنەکەی لە ئاسن بێت و بڕێک لە تۆپەڵۆکەی بچووکی قورقوشم تێدا دابنرێت، دەنگەکە وەک دەنگی بارانبارین لەسەر سەقفێکی ساج دەبێت.




وێنەی ژمارە(٣)
کارتێکەری دەنگی باران و شەپۆلەکان

- کارتێکەری دەنگی ڕەشەبا:

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەكرێت لاسایی بکرێتەوە بە ئامێرێک وەک ئەوەی لە وێنەی ژمارە(٤) نیشاندراوە. کاتێک لوولەکەی ئاسۆیی دەسووڕێنیتەوە، بە پارچە گونێک دەکەوێت و دەنگێک دروست دەکات کە بە تەواوی لە دەنگی با دەچێت. ئەگەر خێرایی سووڕاندنەوەی لوولەکەکە بە بەردەوامی گۆڕیت، ئەوا ئەنجامی باشتری بەدەست دەهێنین.



وێنەی ژمارە(٤)
کارتێکەری دەنگی ڕەشەبا
(Sound Designers, 2026)

**1.3.میتۆدی توێژینەوە:**
لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە میتۆدی (وەسفی - شیکاری) بەستووە بۆ شیکردنەوەی نموونە شانۆییەکان. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم شێوازە بەسوودە و چارەسەرێکی گونجاوە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانج و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و راسپاردە و پێشنیارەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری و ئیستاتیکی.

**2.1.3ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:** گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە توێژەران لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگرتووە، بریتین لە کتێب بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، گۆڤار ، ڕۆژنامە، تێزی دکتۆرا، نامەی ماستەر و ئینتەرنێت.

**4.1.3.ئامرازەکانی نموونەی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتووە:**
١- بینینی نمایشە شانۆییەکان ڕاستەوخۆ.
٢- بینینی نمایشە شانۆییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت.
٣- ئەو لێکۆڵینەوەو وتار و نووسینە ڕەخنەییانەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکان نوسراون.
٤- وێنە و پرۆگرام و ئەرشیف و بەڵگەنامەکان.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**5..3.کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لەکۆمەڵگای ڕۆژئاوا و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت.

**نمونەی توێژینەوە:**

لەم بەشەدا هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوە باسکراوە، وەک شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوە، هاوکات لە ماوەی سنووری بەرهەمهاتووە توێژینەوەکەدا سێ شانۆگەری لە هەرێمی کوردستان، لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٤)، نمایشکراوە کە هەرسێ شانۆگەرییەکە کوردین لە هەرسێ شارەکانی هەرێمی کوردستان(هەولێر، سلێمانی، دهۆک) وەک نموونەی توێژینەوە هەڵبژێرراوە.

١- شانۆگەری( مایسترۆ) ٢٠٢٠.

٢- شانۆگەری(پاسەوان) ٢٠٢٠.

٣- شانۆگەری(دەروێش یان گۆدۆ) ٢٠٢٣.

توێژەر بۆ تیشک خستنە سەر ڕەگەزی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە کۆی هەرسێ نمایش تەنیا نمایشی شانۆگەری (مایسترۆ) شیدەکاتەوە:

- ناونیشانی شانۆگەری :مایسترۆ.
- نووسین و دەرهێنان :حەیدەر ئەبو حەیدەر.
- وەرگێڕان :ڕەئوف بێگەرد.
- بەرهەمهێنان :بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی / بەشی شانۆ.
- شوێن و کات :هۆڵی کۆمەڵ - سلێمانی (٢٠٢٠/١١/١).
- ماوەی نمایش: (٥٥) خولەک.
- ئەکتەرەکان:

⇐میدیا رەئوف بێگەرد: ڕۆڵی ژنێکی موزیکژەن دەبینێ.

⇐شەش خوێندکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان: ئەکتەرەکان چەندین ڕۆڵیان دەبینی (ڕۆڵی شێت، مایسترۆ، شاعیر، سەمائامێز، سەماکەری بالی، شانۆکار، سستەر).

- جێبەجێکاری موزیک :ئاشتی کەمال.

- **پوختەی فیکری و درامی:**

ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە لەسەر ململانێی نێوان "دەسەڵاتی دیکتاتۆر" و "ڕۆحی ئازاد و داهێنەر" بونیاد نراوە. ڕووداوەکان لە نەخۆشخانەیەکی دەروونیدا ڕوودەدەن کە سیمبولە بۆ کۆمەڵگەیەکی داخراو و کۆنترۆڵکراو. دەسەڵات هەوڵی سڕینەوەی یادەوەری و هۆشیاریی تاکەکان دەدات، لە بەرامبەردا هونەر (بە تایبەت موزیک) دەبێتە ئامرازی بەرگری و مانەوە.

- **شیکردنەوەی ئیستاتیکی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان:**

١- لەم نمایشەدا موزیک تەنها پاشخان (Background) نییە، بەڵکو وەک کارەکتەرێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ئەمەش لەو دیمەنەدا دەردەکەوێت کە کارەکتەری سەرەکی کەمانچەیەک دەداتە دەست نەوەی نوێ و "نۆتەی موزیک" بەسەر بینەراندا دابەش دەکرێت. لێرەدا موزیک دەبێتە هێمایەک بۆ بەردەوامیی ژیان و بەرەنگاربوونەوەی ستەم.

٢- دەرهێنەر سوودی لە موزیکی ڕیتمی(زرمە) وەرگرتووە بۆ دیمەنە سەربازییەکان و دیمەنی "شۆردنەوەی مێشک"، ئەمەش بۆ دروستکردنی کەشێکی "میکانیکی" و دڵەڕاوکێ لای بینەر، کە نزیکە لە شێوازی (بایۆمیکانیک)ی مایرهۆڵد لە بەکارهێنانی جەستە و ڕیتمدا.

٣- موزیک وەک چارەسەر :لە بەشێک لە نمایشەکەدا، موزیک وەک چارەسەری دەروونی بۆ نەخۆشەکان بەکاردێت وەک (شێتەکان) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هێزی ڕۆحیی موزیک لەبەرامبەر توندوتیژیی ماددیی دەسەڵاتدا.

٤- کارتێکەرە دەنگییەکان :بەکارهێنانی دەنگە ناخۆش و بێزارکەرەکانی ئامێرەکانی نەخۆشخانە و دەنگی زەنگ و هۆشیارکردنەوەکان، فەزایەکی "کابووس ئامێز"ی دروستکردووە کە خزمەتی ناوەڕۆکە تراژیدییەکەی کردووە.

**5.2.ئەنجامەکان و دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان**

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا، دوای خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆری و مێژوویی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە شانۆی جیهانی و کوردیدا، و دوای شیکردنەوەی دیدگا جیاوازەکانی دەرهێنەر و تیۆریزانەکان، توێژەر گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام و دەرەنجام کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەن و چارەسەر بۆ گرفتەکان دەخەنەڕوو.

**1.5.2.ئەنجامەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوە تیۆری و پراکتیکیانەی لە بەشەکانی پێشوودا خرانەڕوو، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامە زانستیانەی خوارەوە:

١- توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە زۆربەی نمایشە کوردییەکاندا موزیک هێشتا وەک پاشکۆ، دەبینرێت نەک وەک ڕەگەزێکی سینۆگرافی، کە بەشداری لە گەشەکردنی کردەی درامیدا بکات.

٢- دەرکەوت کە پرۆسەی ئامادەکردنی موزیک لە شانۆی کوردیدا تووشی دابڕانێکی میتۆدی بووە؛ بەو پێیەی دەرهێنەران موزیک دەخەنە کۆتا قۆناغی مەشقەکان، ئەمەش ڕێگر دەبێت لەوەی ئەکتەر ڕیتمی ناوەکیی خۆی لەگەڵ موزیکدا یەکبخات.

٣- سەرەڕای کەمکورییەکان، لەو نموونانەی توێژینەوەکە کاری لەسەر کردوون (وەک شانۆگەرییەکانی پاسەوان و چاوەروانی دەروێش یان گۆدۆ)، دەرکەوت کە بەکارهێنانی "موزیکی زیندوو" و ئامێرە فۆلکلۆرییەکان، کاریگەری و وزەی زیاتر دەبەخشنە نمایشەکە و پەیوەندییەکی زیندووتر لەگەڵ بینەر دروست دەکەن بەراورد بە موزیکی تۆمارکراو.

**2.5.2.دەرەنجامەکان:**

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی سەرەوە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانە:

١- موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان تەنها "پاشکۆ" نین، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاون لە "سینۆگرافیا". هەر نمایشێک دیدگای دەنگیی لاواز بێت، پەیامە فیکری و ئیستاتیکییەکەی بە ناتەواوی دەگات.
٢- لە شانۆی هاوچەرخدا، موزیک زمانێکی سەربەخۆیە و دەتوانێت جێگەی دیالۆگ بگرێتەوە، کات و شوێن دیاری بکات، و نهێنییە شاراوەکانی ناخی کارەکتەر ئاشکرا بکات کە دەقە نووسراوەکە ناتوانێت بیڵێت.
3- شانۆی کوردی پێویستی بە دروستکردنی "شوناسێکی دەنگی" هەیە، ئەمەش بەوە ناکرێت تەنها گۆرانی فۆلکلۆری لێ بدەینەوە، بەڵکو بەوە دەکرێت کە ڕۆحی موزیکی کوردی بە تەکنیکی مۆدێرن و زانستی دابڕێژرێتەوە بۆ خزمەتی دراما.

**3.5.2.پێشنیارەکان:**

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە توێژینەوەکەدا خرانەڕوو، و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکیی موزیک لە شانۆی کوردیدا، توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو:
١- پێشنیار دەکرێت لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکاندا(بەشی شانۆ)، وانەیەک بە ناوی "موزیکی شانۆیی" یان "دیزاینی دەنگ" زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی قوتابیان بە شێوەیەکی زانستی فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگ ببن .
٢- پێویستە دەرهێنەران لە قۆناغی "خوێندنەوەی دەق" و "مێزی گفتوگۆ"، کەسانی شارەزا لە موزیک و دەنگ ئامادە بکەن، تاوەکو دیدگای دەنگی لەگەڵ دیدگای دەرهێناندا گەشە بکات.
٣-پێشنیار دەکرێت بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆ هەڵبستن بە تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی "دەنگە ژینگەیی و فۆلکلۆرییەکانی کوردستان" (وەک دەنگی بازاڕە کۆنەکان، پیشە دەستییەکان، سروشتی کوردستان) و ئەرشیفکردنی دەنگە فۆلکلۆرییەکان کە تایبەت بێت بە دەنگ و موزیکە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و ئامێرە ڕەسەنەکان، لە داتابەیسێکی دەنگیدا، تاوەکو شانۆکاران بتوانن وەک سەرچاوە سوودی لێ ببینن بۆ نمایشەکانیان.

**4.5.2.ڕاسپاردەکان:**

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجام و دەرەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەست هاتن، و بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زانستی و هونەرییانەی لە بواری بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە شانۆی کوردیدا هەن، ئەم ڕاسپاردەیە خوارەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات:
١-سوودوەرگرتن لە دەوڵەمەندیی موزیک و گۆرانی و ئامێرە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و بەکارهێنانەوەیان بە تەکنیک و دابەشکردنی مۆدێرن، بۆ ئەوەی شانۆی کوردی خاوەنی شووناسێکی دەنگیی تایبەت بە خۆی بێت و لە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا ڕزگاری ببێت .

**6.2.سەرچاوەکان:**

**1.6.2.سەرچاوەکوردییەکان:**

**1.1.6.2 کتێبەکان:**


١- ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٨) هەقیقەت و جوانی (وانەکانی فەلسەفەی هونەر)، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، دهۆک، چاپخانەی خانی.
٢- باقی، محەمەد حەمە (٢٠٠٢) مێژووی موزیکی کوردی، هەولێر، دەزگای ئاراس.
٣- پیربال، فرهاد (٢٠٠١) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا- لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
٤- پیربال، فەرهاد (٢٠١٠) مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
٥- تەنیا، حەسەن (١٩٨٥) شانۆ و شانۆی کوردەواری، عێراق، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
٦- حاجی، مەغدید (٢٠٢٤) ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپی دووەم، هەولێر، ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکیتی نیشتمانی کوردستان.
٧- دیۆرانت، ویڵ (٢٠٢٤) مێژووی شانۆ، وەرگێڕانی: پێشرەو حسێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٨- رؤوف، صلاح (١٩٨٩) تیۆرەکانی موزیک، بغداد، چاپخانەی سومر.
٩- سەواف، مستەفا کامیل (٢٠٢٣) مێژووی ژیانی موزیک، وەرگێڕانی: حەمید بانەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
١٠- عبدالواحید، ئەحمەد سالار (٢٠١٠) وانەکانی هونەری نواندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١١- کریم، سەلام فەرەج (٢٠٠٩) گەشەسەندنی درامای کوردی (١٩٧٥-١٩٩٥) چاپی یەکەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلوجی.
١٢- مەحمەد، مەحسین (٢٠٢١) سەڵاحەدینی ئەیووبی یەکەمین چرای هونەری شانۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەرێمی کوردستان.
١٣- هۆرمز، سەباح (٢٠١٥) خوێندنەوە و هەڵسانگاندن بۆ چەند دەقێکی شانۆیی و ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
١٤- هەورامی، حەمە کریم (٢٠٠١) درامای کوردی لە ناو درامای جیهاندا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.


**2.1.1.6 گۆڤار و رۆژنامەکان:**


١- ئەحمەد، ئارام (٢٠١٥) سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆ، گۆڤاری رامان، ژمارە ٢١٨.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٢- ئەحمەد، وریا (٢٠١٣) (موزیک پاڵپشت) یان (موزیکی تەسویری) لە فیلم و دراما و شانۆدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٩.
٣- باپیر، ژیلوان تاهیر (٢٠١٣) ئاراستەکانی دەرهێنان لەنمایشی شانۆی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٩١.
٤- تیمور، محمد (١٩٨٦) دەربارەی دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤١.
٥- عبدالواحید، ئەحمەد سالار (٢٠١٣) ئەزموونی شانۆم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٩٤.
٦- عەبدولڕەحمان، حەیدەر (١٩٩٩) موزیک و شانۆی کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٤.
٧- فەرشی، ئیبراهیم (٢٠٠٠) کورتە باسێکی ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆندا و شانۆ لە کوردستاندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٤.
٨- محەمەد، کەمال ڕەئووف (١٩٩٠) ئۆپەرێتی کوردی و یەکەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٩١.
٩- سمۆ، ئیبراهیم احمد (٢٠٠٧) شانۆی کوردی لە نێوان دەق خۆماڵی وبیانیدا- بەنموونە هەندێ لەبەرهەمەکانی ئەحمەد سالار، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.


**2.6.2.سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**1.2.6.2 کتێبەکان: کتێبەکان (الكتب):**


١- ابن منظور (٢٠٠٨) لسان العرب، القاهرة، دار المعارف.
٢- أحمد، جمال رشيد (١٩٨٤) دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، مؤسسة النشر دار آفاق عربية للصحافة والنشر.
٣- أردش، سعد (١٩٧٩) المخرج في مسرح معاصر، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب..
٤- بلبل، فرحان (٢٠٠٣) النص المسرحي في سوريا (١٩٦٧-١٩٨٨) دمشق، منشورات دار كتاب العرب.
٥- بينتلي، أريك (١٩٨٦) نظرية المسرح الحديث، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت، ط٢، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.
٦- تشيني، شلدون (١٩٦٣) تاريخ المسرح في ثلاثة آلاف سنة، ج١، ترجمة: دريني خشبة، ط١، القاهرة، دار الثقافة والإرشاد القومي.
٧- تيجام، فيليب فان (د.ت) التكنيك المسرحي، ترجمة: يوسف البدوي، مصر، مؤسسة بور سعيد للطباعة.
٨- جابر، هبه رمضان محمد (٢٠٢٥) الإبداع الإخراجي في العمل المسرحي، مصر، دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع.
٩- حمداوي، جميل (٢٠١١) الإخراج المسرحي، الشارقة، الهيئة العربية للمسرح.
١٠- حمود، أنيس وعمران، هبة (٢٠١٩) المسرح المدرسي فعالية تربوية، عمان، دار دجلة للنشر والتوزيع.
١١- زاكس، كورت (٢٠١٤) تراث الموسيقى العالمية، ترجمة: سمحة الخولي، القاهرة، المركز القومي للترجمة.
١٢- عبدالله، علي (٢٠١١) المسرح الغنائي الحديث، عمان، دار آمنة للنشر والتوزيع.
١٣- عيد، كمال (٢٠١٧) مناهج عالمية في الإخراج المسرحي، الجزء الثاني، الإسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

١٤- كمون (٢٠٠٨) منزلة مادة التربية الموسيقية في النظام التربوي التونسي، صفاقس، الملتقى الوطني للمعاهد العليا للموسيقى.

١٥- النادي، عادل (١٩٨٧) مدخل إلى فن كتابة الدراما، ط١، تونس، نشر وتوزيع المؤسسة عبد الكريم بن عبد الله.

**2.2.6.2نامه و تێزه ئه‌كاديمييه‌كان (الرسائل والأطاريح الجامعية)**

١-بختى، صورية (٢٠١٥) عناصر التركيب الجمالي في العرض المسرحي، رسالة ماجستير، الجزائر، جامعة الجزائر، كلية الآداب واللغات.

٢-محمود، محمد عبدالله كرم‌الدين (٢٠١٤) توظيف المسرح المدرسي لتحقيق أهداف المناهج المدرسية، رسالة ماجستير، السودان، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا.

**3.6.2.سه‌رچاوه ئينگليزييه‌كان:**

١- Roesner, D. (2014) ,*Musicality in Theatre Music as Model, Method and Metaphor in Theatre-Making, Farnham*, Ashgate Publishing Limited.

٢- Wilson, W.A. (1973) ,*Folklore and Nationalism in Modern Finland*, (Publisher details missing).

**4.6.2.ماڵپه‌ره‌كان(Websites):**

*Theatrical Sound Designers and Composers Association,* Available at: https://tsdca.org/history/ Accessed:20 January 2026.

**5.6.2.چاوپێكه‌وتنه‌كان:**

١- ئه‌لياس، كامه‌ران حاجى(٢٠٢٥)، گرنگى موزيك و كارتێكه‌ره ده‌نگيه‌كان له‌نمايشى شانۆيى،چاوپێكه‌وتنى تايبه‌ت له‌لايه‌ن: تاقگه حسين كريم، ٢٠٢٥/١١/٢٩،كاتژمێر٤:٢٩pm.

٢- ده‌روێش، ئه‌رسلان (٢٠٢٥)، موزيك وه‌ک ره‌گه‌زێکى سه‌ره‌کى له‌سينۆگرافيا، چاوپێكه‌وتنى تايبه‌ت له‌لايه‌ن:تاقگه‌حسين كريم، ٢٠٢٥/١١/٣٠، كاتژمێر١٢pm.

٢Sources:

١,٦,٢Kurdish Sources :

١,١,٦,٢Books:

-١Ahmadi, Babak (2008) Truth and Beauty (Lessons of Philosophy of Art), translated by Massoud Babaei, Duhok, Khani Printing House.

-٢Baqi, Mohammed Hama (2002) History of Kurdish Music, Erbil, Aras Publishing House.

-٣Pirbal, Farhad (2001) History of Theater in Kurdish Literature - From Ancient Times to 1957, First Edition, Erbil, Aras Publishing House.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

-٤Pirbal, Farhad (2010) History of Kurdish Song and Music, 1st Edition, Erbil, Aras Publishing House.

-٥Tanya, Hassan (1985) Kurdish Theatre, Iraq, Ministry of Culture and Information, Kurdish Culture and Publishing Agency.

-٦Haji, Maghdid (2024) Women in Kurdish Theatre, 2nd edition, Erbil, Erbil Center, Press Office of the Kurdistan National Union.

-٧Durant, Will (2024) History of Theatre, translated by Peshraw Hussein, first edition, Sulaimani, Sardam Publishing House.

-٨Rauf, Salah (1989) Theories of Music, Baghdad, Sumer Printing House.

-٩Sawaf, Mustafa Kamil (2023) History of Music, Translated by Hamid Bani, First Edition, Sulaimani, Sardam Printing House.

-١٠Abdulwahid, Ahmad Salar (2010) Lessons of Acting Art, First Edition, Karo Printing House, Sulaimani.

-١١Karim, Salam Faraj (2009) Development of Kurdish Drama (1975-1995) First Edition, Sulaimani, Kurdology Center.

-١٢Mahmoud, Mahsin (2021) Salahaddin Ayyubi, the first lamp of theater art, General Directorate of Public Libraries, Kurdistan Region.

-١٣Hormuz, Sabah (2015) Reading and Evaluation of Several Theatrical and Literary Texts, First Edition, Erbil, Mukriani Printing House.

-١٤Hawrami, Hama Karim (2001) Kurdish Drama in the World Drama, 1st Edition, Erbil, Ministry of Education Printing House.

٢,١,١,٦Magazines and newspapers:

-١Ahmad, Aram (2015) The Beginning of Theater Art, Raman Magazine, No.

-٢Ahmad, Warya (2013) (Supporting Music) or (Image Music) in Film, Drama and Theatre, Raman Magazine, No.

-٣Bapir, Zhilwan Tahir (2013) Directions of Direction in Kurdish Theatre, Raman Magazine, No.

-٤Timur, Mohammed (1986) About Drama and Criticism, Karwan Magazine, No.

-٥Abdulwahid, Ahmad Salar (2013) Theater Experience, Raman Magazine, No.

-٦Abdulrahman, Haider (1999) Kurdish Music and Theatre, Raman Magazine, No.

-٧Farshi, Ibrahim (2000) A brief account of theater in the past and theater in Kurdistan, Raman Magazine, No.

-٨Mohammed, Kamal Rauf (1990) Kurdish Opera and the First Radio Opera, Karwan Magazine, No.

-٩Smo, Ibrahim Ahmad (2007) Kurdish Theater Between Domestic and Foreign Texts – For example, Some Works of Ahmad Salar, PhD Thesis, Salahaddin University.

٢,٦,٢.Arabic Sources:

١,٢,٦,٢Books: Books:(الكتب)

-١Ibn Manzur (2008) Lasan al-Arab, Cairo, Dar al-Ma'arif.

-٢Ahmad, Jamal Rashid (1984) Kurdish Studies in Subarto Country, Baghdad, Arabian Horizons Publishing House for Journalism and Publishing.

-٣Ardash, Saad (1979) Published in Contemporary Theatre, Kuwait, National Council for Culture, Arts and Arts.

-٤Bulbal, Farhan (2003) Theatrical Text in Syria (1967-1988) Damascus, Arab Book Publishing House.

-٥Bentley, Eric (1986) Theory of the Hadith Theater, translated by Yousef Abdul Masih Thrut, Vol.

-٦Chishini, Sheldon (1963) History of the Theater in Three Things of Sanaa, Vol.

-٧Tijam, Philip van (D.T.) Theatrical Technique, Translation: Yousef Al-Badowi, Egypt, Bor Saeed Publishing House.

-٨Jaber, Haba Ramadan Mohammed (2025) External Creativity in Theatrical Work, Egypt, Dar al-Ilm and Faith for Publishing and Distribution.

-٩Hamdawi, Jamil (2011) Theatrical Exit, Sharjah, Arab Theater Authority.

-١٠Hammoud, Anis and Imran, Gift (2019) Educational Active School Theater, Oman, Dar Tigris for Publishing and Distribution.

-١١Zacks, Kurt (2014) World Music Heritage, Translation: Samha Al-Khuli, Cairo, National Translation Center.

-١٢Abdullah, Ali (2011) Al-Masrah Al-Ghana'i Al-Hadith, Oman, Dar Amnah for Publishing and Distribution.

-١٣Eid, Kamal (2017) International Curriculum in Theatrical Extraction, Part II, Alexandria, Dar Al-Wafa for the World of Printing and Publishing.

-١٤Kamun (2008) Home of music education material in the Tunisian education system, Sfax, National Complex of the Higher Music Institute.

-١٥Al-Nadi, Adel (1987) Introduction to the Art of Drama Book, Volume 1, Tunisia, Published and Distributed by Abdul Karim Ben Abdullah Foundation.

٢,٢,٦,٢Academic papers and theses(الرسائل والأطاريح الجامعية)

-١Bakhti, Surya (2015) Elements of Aesthetic Composition in Theatrical Landscape, Master's Thesis, Algeria, University of Algeria, Faculty of Arts and Languages.

-٢Mahmoud, Mohammed Abdullah Karmuddin (2014) Design of School Theater to Achieve School Curriculum Objectives, Master's Thesis, Sudan, Sudan University of Science and Technology.

٣,٦,٢.English Sources:

-١Roesner, D. (2014) ,Musicality in Theater Music as Model, Method and Metaphor in Theatre-Making, Farnham, Ashgate Publishing Limited .

٢-Wilson, W.A. (1973) ,Folklore and Nationalism in Modern Finland, (Publisher details missing.(

٤,٦,٢.Websites:

Theatrical Sound Designers and Composers Association, Available at: https://tsdca.org/history/ Accessed:20 January

.5.6.2Interviews: .

1- Elias, Kamran Haji (2025), The importance of music and sound effects in theatrical performances, exclusive interview by: Tavga Hussein Karim, 29/11/2025, pm 4:2

2- Darwish, Arslan (2025), Music as a Main Genre in Scenography, Exclusive Interview by: Tavgahsin Karim, 30/11/2025, pm1